RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 11th May 2026 Accepted: 07th July 2026 Published online: 20thSeptember2026

Attitude of teachers and students of Raparin University about the role of the Bologna Process in developing group work and self-learning skills

Aram Mohammed Saeed[1] - Avin Qaher Jalal [2] - Dastan Omer Mahmood[3]
aram.mohammed89@uor.edu.krd - avin.jalal@su.edu.krd - dastan.omer@uor.edu.krd
[1]Department of Kindergartin, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region of Iraq.
[2]College of Arts, University of Salahaddin, Hawler, Kurdistan Region of Iraq.
[3]Department of Kindergartin, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region of Iraq.

Abstract
The main objective of this study is to evaluate the attitudes and perceptions of both teachers and students regarding the role of the Bologna Process in develop group work and self- learning skills. To achieve this aim, the researchers employed a mixed-methods approach, it involves a systematic combination of quantitative and qualitative contains. On the quantitative side, a sample of 480 students from the University of Raparin was selected using disproportionate stratified random sampling. On the qualitative side, 12 teachers participated in interviews. To collect student data, use scale consisting of two dimensions: group work and self- learning skills. Also, the psychometric properties of the scale have been exhaustively checked to ensure validity and reliability. After verifying the normality of the data, Statistical analysis was performed using SPSS program.
The results show that students They have an equally high attitude towards the role of the Bologna process in developing group work and self-learning skills. there is a difference between humanities and social sciences majors and natural sciences students in the areas of self-learning skills. So that the first group shows a more positive and higher attitude, but this difference is not observed in the field of group work. From the teachers' perspective, the Bologna Process is theoretically evaluated as an advanced educational model, supports the development of group work and self-learning. at the practice level, the success of implementing this system depends on several important factors, such as systematic reforms.
Keyword: Bologna Process, group work, self- learning Skills, Student, Teacher.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئاراستەی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون

ئارام محمد سعید[1] - ئەڤین قاهر جلال[2] - داستان عمر محمود[3]
[1] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[3] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، توێژەران میتۆدی تێکەڵاو (Mixed Methods)یان بەکارهێنا، کە تێکەڵکردنێکی سیستەماتیکی نێوان ڕێبازی چەندایەتی (Quantitative) و چۆنایەتی (Qualitative)لەخۆدەگرێت. لە ڕوی چەندایەتییەوە، نمونەیەک لە (480) خوێندکار لە زانکۆی ڕاپەڕین بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی ناڕێژەیی هەڵبژێردران. هەروەها لە ڕوی چۆنایەتییەوە، (12) مامۆستا لە ڕێگەی چاوپێکەوتن بەشداریکراون. بۆ کۆکردنەوەی داتای خوێندکاران، فۆرمی ڕاپرسییەک (پێوانکار) بەکارهاتوە کە لە دو ڕەهەند—کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون—پێکهاتوە. هەروەها، تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکانی پێوەرەکە بە شێوەی تەواو پشکنراون بۆ دڵنیابون لە ڕاستیەتی و جێگیری (Validity & Reliability).دوای دڵنیابون لە نۆرمالیەتی داتاکان، شیکردنەوەی ئاماری بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوە پارامەتریەکان لە ڕێگەی بەرنامەی SPSS ئەنجامدراوە.
ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە خوێندکاران ئاڕاستەیەکی یەکسان و بەرزیان هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون. هەروەها، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری دەرکەوتوە لە نێوان خوێندکارانی پسپۆری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ زانستە سروشتی و پەتییەکان لە بوارەکانی کارامەیی خودفێربوندا، بە جۆرێک کە گروپی یەکەم ئاڕاستەیەکی ئەرێنیتر و بەرزتر نیشاندەدەن، بەڵام لە بواری کاری گروپیدا ئەم جیاوازییە بەدیناکرێت.
لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، ئەنجامە چۆنایەتییەکان نیشاندەدەن کە پێواژۆی بۆلۆنیا لە ئاستی تێوریدا وەک مۆدێلێکی پێشکەوتوی پەروەردەیی هەڵدەسەنگێنرێت، بەتایبەتی لە گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکارەوە بۆ ڕێنیشاندەر. هاوکات پشتیوانی لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون دەکات. بەڵام لە ئاستی پراکتیکدا، سەرکەوتنی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە پەیوەستە بە چەند فاکتەرێکی گرنگ، وەک چاکسازیی سیستەماتیکی.

کلیلە وشەکان: پێواژۆی بۆلۆنیا، کارامەییەکانی خودفێربون، خوێندکار، کاری گروپی، مامۆستا.

1. پێشەکی:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی لە سیستەمی خوێندنی باڵادا لەسەر هەردو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی ڕوودەدەن، پرسەکانی "کوالیتی" و "متمانەبەخشینی ئەکادیمی" بونەتە تەوەری سەرەکیی ئەو زانکۆیانەی کە هەوڵی گەشەپێدانی بەردەوام دەدەن. ئەم گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی سەردەمێکی جیهانیدا دێن کە تایبەتمەندە بە خێرایی گەشەی ئابوریی مەعریفە، تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و جیهانگیریی پەروەردەیی، ئەمەش وا دەخوازێت زانکۆکان مۆدێلی نوێی چاکسازی بگرنەبەر بۆ هاوتەریبکردنی دەرئەنجامە زانستییەکان لەگەڵ ستاندارد نێودەوڵەتییەکان و ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ پێداویستییەکانی بازاڕی کار.
لەم سۆنگەیەوە، "پێواژۆی بۆلۆنیا (Bologna Process) "وەک یەکێک لە دیارترین پڕۆژەکانی چاکسازی لە خوێندنی باڵادا دێتە ئەژمار، کە لە ساڵی 1999 بە ئامانجی دامەزراندنی "فەزای خوێندنی باڵای ئەوروپی (EHEA) "دەستپێکرد. ئەم پڕۆسەیە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای میتۆدۆلۆژی دامەزراوە کە ئامانجیان یەکخستنی چوارچێوەی بڕوانامەکان، ئاسانکاری بۆ جوڵەی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی ئاستی دڵنیایی جۆرییە. لە ئێستادا، پێواژۆی بۆلۆنیا بوەتە پێوەرێکی جیهانی کە زۆرێک لە وڵاتان وەک نەخشەڕێگەیەک بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکان و بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێیان لەسەر ئاستی جیهانی بەکاریدەهێنن. ئەمەش ئامانجی دروستکردنی فەزایەکی یەکگرتوی ئەکادیمییە بۆ ئالوگۆڕی مەعریفە و پەرەپێدانی لێهاتوییەکانی خوێندکار لە سەدەی بیست و یەکدا. هەروەکو دیارە بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستانیش لەساڵی 2015دا لە زانکۆکان پێواژۆی بۆلۆنیا جێبەجێکرا و تا ئێستاش بەردەوامە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

2. ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

1.2. کێشەی توێژینەوەکە:

زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بایەخێکی تایبەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێربون دەدەن، بەمەبەستی گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤ و گونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمدا. لەم سۆنگەیەوە خوێندنی باڵا ڕووبەڕوی ئاڵنگاری گەورە بوەتەوە کە خۆی لە بە جیهانیبون و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیادا دەبینێتەوە، ئەمەش وادەخوازێت جۆر و شێوازی فێربون نوێ بکرێتەوە. سیستمی سەردەمیانە گرنگی بە خوێندکار سەنتەی دەدات بۆ پەرەپێدانی ئەو لێهاتوییانەی کە بازاڕی کار پێویستیان پێیەتی تاوەکو تاکێکی چالاك و بەرپرسیار بەرهەمبهێنرێت. هەرچەندە زانکۆکانی کوردستان هەنگاویان ناوە بۆ پەیڕەوکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا (Bologna Process)بە ئامانجی بونە بەشێک لە فەزای خوێندنی باڵای ئەوروپی (EHEA) و بەرزکردنەوەی کوالیتی، هێشتا پەیڕەوکردنی چەمکی "خودفێربون "لە زانکۆکانی کوردستاندا وەک پێویست نییە و خوێندکاران هێشتا پشت بە مامۆستا دەبەستن، لەبەرئەوەی خودفێربون ئاستەکەی بەرزنەبێت بەکێشە دادەنرێت لە پێواژۆی بۆلۆنیا، لەبەرئەوەی بۆلۆنیا بنەمای سەرەکی لەسەر خودفێربونە. لە کاتێکدا بۆلۆنیا جەخت لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و کاری هەرەوەزی دەکاتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی کاری گروپی لە زانکۆکانی کوردستاندا ڕوبەڕوی چەندین بەربەست بوەتەوە، زۆرجار ئەم کارانە بە شێوەیەکی ڕوکەش و تەنها بۆ بەدەستهێنانی نمرە ئەنجام دەدرێن نەک وەک پرۆسەیەکی فێربونی هاوبەش. ئەگەرچی ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە کاری گروپی هەیە، بەڵام کێشەکە لەجۆری کارەکەیە، ئایا خوێندکاران بەڕاستی پێکەوە فێردەبن یان تەنیا یەك کەس کارەکە دەکات و بۆ هەموان دەبێت؟ ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە پرۆسەکە زیاتر وەك گۆڕانکارییەکی فۆرمی دەربکەوێت نەك گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەجۆری فێربوندا. لەم ڕوانگەیەوە توێژەران بەهەستکردن بە بەرپرسیاریەتی پەروەردەیی و دەرونی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و هەوڵدەدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، کە ئاراستەی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین بەرانبەر بەڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لەپەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون چۆنە؟

2.2. گرنگی توێژینەوەکە:

خوێندنی زانکۆ بە یەکێک لە گرنگترین قۆناغە پەروەردەییەکان دادەنرێت، چونکە نوێنەرایەتی لوتکەی هەرەمی پەروەردەیی دەکات، و ئامانجی ئامادەکردنی تاکەکانە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ئاراستەکردنیان بەرەو ژیانێکی باشتر، بۆیە خوێندنی باڵا ئاستەکانی خۆی هەیە، بەتایبەتی زانکۆ کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتو و تازەگەشەسەندودا بە هەمان شێوە گرنگییەکی زۆر وەردەگرێت بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە گەشەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا دەیگێڕێت و ئەو هێزەی کە پێشکەشی دەکات لە ئامادەکردنی تاکێکی شایستە بۆ سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگا، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و گرنگیدان بە توخمە مرۆییەکان لە زانکۆدا هەیە، تا بتوانێت وەڵامی زانیاری و بارودۆخەکانی سەردەم و کۆمەڵگا بداتەوە یان کارلێکیان لەگەڵدا بکات. (گود، 1994) ئاماژە دەکات بەگرنگی ژینگەی زانکۆ لە دیاریکردنی کوالیتی ژیان بۆ خوێندکاران و باشترکردنی خۆشگوزەرانییان لە ڕێگەی ئەو ئاڵنگارییە سودبەخشانەی کە پێشکەشیان دەکات لە ڕێگەی پڕۆگرام و چالاکییەکانی وەک چالاکییە خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردنەکانەوە، دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئەرێنی وەک تێرکردنی ئارەزوی گەڕان بەدوای زانیاری و سەربەخۆیی و هەستکردن بە بەهای خود (ابوهاشم 2010).

خوێندنی باڵا وەڵامدەرەوەی پێداویستییە فراوانەکانی کۆمەڵگایە لە ڕێگەی فرەچەشنی ئەرکەکانیانەوە، بۆ بەردەوامبون لە بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانیان وەک ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ ژیان وەک هاوواڵتییەکی چالاک و ئامادەکردنیان بۆ پیشەی داهاتویان و چالاککردنی گەشەپێدانی کەسییان. بۆیە جەخت لەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنی باڵا دەکرێتەوە بە ئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ خوێندنی کوالیتی. پێویستە خوێندنی باڵا زیاتر گرنگی بە پەروەردەکردنی توانای خوێندکاران بدات، بە دابینکردنی هەلومەرج و ڕێگا و شێوازی گونجاو بۆ تەواوکردنی خوێندنەکانیان. ئەمەش بە باشترکردنی ژینگەی فێربون و لابردنی هەمو بەربەستەکانی بەردەم خوێندن بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن سود لە دەرفەتەکانی خوێندن لە هەمو ئاستەکاندا وەربگرن. لەگەڵ ئەوەی بازاڕی کار زیاتر پشت بە ئاستی کارامەیی بەرزتر و لێهاتویی تاك دەبەستن، پێویستە خوێندنی باڵا خوێندکاران بەو زانیاری و لێهاتوییە پێشکەوتوانە پاڵپشت بکەن کە بە درێژایی ژیانی پیشەیی خۆیان پێویستیانە. (Leuven 2009).

لە کۆتایدا دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە:

– **لەڕوی تیۆرییەوە** گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەکادیمی سەبارەت بە جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا لە زانکۆکانی کوردستان بەگشتی و زانکۆی ڕاپەڕین بەتایبەتی. هەروەها ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرێکی سەرەکی

دەبێت بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەعریفییەی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە سەبارەت بە مۆدێرنترین سیستەمەکانی خوێندنی باڵا لە جیهاندا. بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو توێژەر و خوێندکارانەی کە لە داهاتودا دەیانەوێت لەسەر پرۆسەی بۆڵۆنیا کار بکەن.

– لە ڕوی پراکتیکییەوە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی هەردو لایەنی پرۆسەی خوێندن (مامۆستا و خوێندکار) بەشێوەیەکی کاریگەرتر و تێگەیشتوانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم سیستەمەدا بکەن، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی زانستیی خوێندکاران. هەروەها ئەم توێژینەوەیە وەک ئامرازێکی هەڵسەنگاندن کاردەکات بۆ ناسینی ڕێگە و شێوازە نوێیەکانی پرۆسەی فێرکردن، ئەمەش دەبێتە نەخشەڕێگایەک بۆ بڕیاربەدەستەکان و کارگێڕی زانکۆکان تاوەکو شێوازی جێبەجێکردنی پرۆسەکە بەرەو باشتر ببەن.

3.2. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

– پێوانەکردنی ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بە گشتی.

- تێڕوانینی مامۆستایان بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بە گشتی.

– زانینی ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، پسپۆری)

- خستنەڕوی گرنگترین ڕێگە چارەسەرییەکانی بەردەم ئاستەنگ و ڕێگرییەکانی بەردەم پێواژۆی بۆڵۆنیا لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.

4.2. سنوری توێژینەوەکە:

– سنوری شوێن: زانکۆی ڕاپەڕین.

– سنوری کات: مەبەست لەو ماوەیە کە توێژەران دەستیان کردوە بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان و گەیشتن بە ئامانجەکان کە لەڕێکەوتی 2026/1/4 تاکو 2026/4/20

– سنوری مرۆیی: مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین.

– سنوری بابەتی: پێواژۆی بۆڵۆنیا

5.2. پێناسەی چەمکەکان:

1.5.2. پێواژۆی بۆڵۆنیا

بەوە پێناسە دەکرێت کەوا بریتییە لە پرۆسەیەك کار لەسەر دانانی ئامانجەکان دەکات بەمەبەستی دیاریکردنی چوارچێوەیەك بۆ دڵنیایی لە بڕوانامەکان لە خوێندنی باڵادا لە ڕوی بڕوانامە و ئەو زانیارییانەی لەخۆیدەگرێت، هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ بەراوردکردنی بڕوانامەی زانکۆیی لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا (ابوعمة 2010) . هەروەها بریتییە لە پرۆسەیەکی چاکسازی خوێندنی باڵایە لەنێوان حکومەتەکاندا کە ئامانجی یەکگرتنی ستانداردەکانی کوالێتیە لە بڕوانامە ئەکادیمییەکاندا (الخطیب 2018).

پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ پێواژۆی بۆڵۆنیا: ئەم پرۆسەیە ڕێکارێکی ستراتیژییە بۆ بونیاتنانی ناوچەیەکی زانکۆیی یەکگرتو لەنێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا بە ئامانجی بەرزکردنەوەی کوالێتی و شەفافیەتی پرۆسەی فێربون.

2.5.2. کاری گروپی:

بەوە پێناسە دەکرێت کە کاری گروپی شێوازێکی کارلێکی ڕاستەوخۆیە لە نێوان لانیکەم دو لایەنی یەکسان کە بەشداری بڕیاردان دەکەن لەکاتێکدا کاردەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش (ابونیان 2006). هەروەها بەوە پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵێک تاکن کە پێکەوە کاردەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، پێکهێنانی تیم و پشت بەستن بە کاری گروپی یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە (اسحاق 2012).

3.5.2.خودفێربون

بەوە پێناسە دەکرێت کەوا بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی و کردەی ڕێکخراو کە تاکێک بە ئاگایی و بە مەبەست ئەنجامی دەدات، کە لە قەناعەتی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت بە سودی خۆیان وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی ڕەفتار و کەسایەتی بە گشتی، و بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باشتر لە گەشەکردن و پێشکەوتن (حمدی 2017). هەروەها بریتییە لە شێوازێکی فێربون کە فێرخوازەکان بە بەکارهێنانی ڕێنمایی بەرنامە بۆ داڕێژراو و شێوازەکانی تر کە لە ڕێگایەوە خۆیان فێردەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕون بەبێ هاوکاری ڕاستەوخۆی مامۆستا (طعمة 2022).

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنن لەئەنجامی وەڵامدانەوەی پێوەری بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

3. چوارچێوەی تیۆری و تۆێژینەوەکانی پێشو

1.3. چوارچێوەی تیۆری:

1.1.3. پێواژۆی بۆلۆنیا

پێواژۆی بۆلۆنیا ڕێبازێکی پەروەردەیی ئەوروپیە لەئەنجامی زنجیرەیەک کۆبونەوە و ڕێککەوتنی وەزاریە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا کە ئامانجی ستانداردکردنی خوێندنی باڵا و باشترکردنی جوڵەی ئەکادیمی و پیشەیی خوێندکارانە لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەو ناوچانەی کە ئەم سیستەمە دەگرنەبەر. پێواژۆی بۆلۆنیا هاوکاری نێوان حکومەتەکانی 48 وڵاتی ئەوروپییە لە بواری خوێندنی باڵادا. ئەم 48 وڵاتە چاکسازییەکان لەسەر خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای بەها سەرەکییە هاوبەشەکان جێبەجێدەکەن، وەک ئازادی ڕادەربڕین، سەربەخۆیی بۆ دامەزراوەکان، سەربەخۆیی خوێندکاران، ئازادی ئەکادیمی، جوڵەی ئازادانەی خوێندکاران، لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە وڵاتان و دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەی ئەوروپی بەردەوام سیستەمی خوێندنی باڵایان دەگونجێنن و زیاتر گونجاو بن و میکانیزمەکانی دڵنیایی جۆرییان بەهێزتر دەکەن.

پێواژۆی بۆلۆنیا دەرئەنجامی پرۆسەی ئاڵوگۆری ئەزمون و بیرۆکەکانە لە کۆبونەوەکانی ئەوانەی پەیوەندییان بە خوێندنی باڵا هەیە لە وڵاتانی ئەوروپی کە ئەو پرۆسەیەیان پێکهێناوە. کە لە چەند وێستگە و لایەنێکی گرنگ پێکدێت وەك:

- پرۆژەی ئیراسموس کە لە ساڵی 1987 دەستپێکردوە، ئامانجی پشتگیریکردن بو لە چالاکییە کورتخایەنەکانی خوێندکاران.
- ڕاگەیاندنی سۆربون 1998 وەزیرانی پەروەردەی فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و بەریتانیا "جارنامەی سۆربۆن"یان واژۆ کرد، کە بانگەوازێک بو بۆ یەکگرتویی و گونجانی زیاتری خوێندنی باڵای ئەوروپی بە ئامانجی بەهێزکردنی توانای کێبرکێی نێودەوڵەتی. ئەمیش بڕوانامەی دو خولی (بەکارلۆریۆس /خوێندنی باڵا) و بەکارهێنانی کرێدتەکانی لەخۆگرتبو. وەزیرەکان جەختیان لە پابەندبونیان بە هاوکاری و پشتیوانیکردن لە چاکسازییەکان بە درێژایی ئەم ئاراستەیە لە وڵاتەکانی خۆیان کردەوە (Pechar 2007).
- بەیاننامەی بۆلۆنیا لەساڵی 1999 کە لەلایەن وەزیرانی پەروەردەی 29 وڵاتی ئەوروپاوە واژۆکراوە، پرۆسەکە لە کۆنفرانسی ـ ڕۆشنبیری ئەوروپی لە ئەنجومەنی ئەوروپادا بەڕوی وڵاتانی دیکەدا کراوەتەوە.
- بەیاننامەی پراگ لەساڵی 2001، بەیاننامەی بەرلین لەساڵی 2003، بەیاننامەی بێرگن لەساڵی 2005، بەیاننامەی لەندەن لەساڵی 2007، بەیاننامەی لیڤن لەساڵی 2008، بەیاننامەی ڤیەنا لەساڵی 2010، بەیاننامەی بوخارێست لەساڵی 2012، بەیاننامەی یەریڤان لەساڵی 2015، بەیاننامەی پاریس لەساڵی 2018، بەیاننامەی ڕۆما لەساڵی 2020. لە کۆتایی هەر کۆنفرانسێکدا بەیاننامەیەک واژۆ دەکرێت، کە تێیدا وەزیرەکان لەپێشینەی ساڵانی داهاتو دیاریدەکەن. بەیاننامەکە ناوی ئەو شارەیە کە کۆنفرانسی ـ تێدا بەڕێوەدەچێت. لەسەر بنەمای بەیاننامەکە پلانی کارکردن بۆ دو تا سێ ساڵی داهاتو دادەڕێژرێت. دەتوانن تێڕوانینێکی گشتی لەو بەیاننامانە بدۆزنەوە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا واژۆ کراون(bologna, p 2023).

شایانی باسە کە پێواژۆی بۆلۆنیا دەرفەتی خوێندن لە دەرەوەی وڵات زیاد دەکات، هەروەها وا دەکات بتوانرێت لە چەند زانکۆیەکی جیاواز لە ئەوروپا بخوێنرێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە. هەروەها بەو مانایەیە کە ئەزمونی خوێندن لە دەرەوەی وڵات یارمەتیدەر دەبێت کە چەندین زمان و کولتوری جیاواز فێربیت، هەروەها پێواژۆی بۆلۆنیا ڕێگە بە ئەکادیمییەکان دەدات بە ئازادی زیاتر لە نێوان زانکۆکاندا بجوڵێن، ئەمەش ئەزمونی وانەوتنەوە لە نێوان دامەزراوە ئەوروپییەکان هەمەچەشنتر دەکات. بە کورتی ئامانجەکانی پێواژۆی بۆلۆنیا بریتین لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی هاوبەش لە بڕوانامە نێودەوڵەتییەکان کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئاستی خوێندنی بەکالۆریۆس و دەرچوان لە هەمو وڵاتان، ڕێبازێکی ئەوروپی بۆ دڵنیایی جۆری و سیستەمی(ECTS) (Yahya 2018)

2.1.3. گرنگترین ڕەگەزەکانی پێواژۆی بۆلۆنیا

1. پەیڕەوکردنی سیستەمی خوێندنی سێ قۆناغی: بەکالۆریۆس (3-4) ساڵ، ماستەر (1-2)ساڵ، دکتۆرا (3)ساڵ.
2. دامەزراندنی سیستەمی کرێدیت (ECTS) بۆ یەکگرتنی پێوانەی ئاستی خوێندن لە وڵاتە جیاوازەکان.
3. چاودێری و دڵنیایی کوالێتی خوێندن لە ڕێگەی دامەزراندنی دەزگای تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچونەوە.
4. ناسینی بڕوانامەکان لەنێوان وڵاتانی بەشداربو.
5. جەختکردنەوە لەسەر فێربونی بەردەوام و هەڵی خوێندن بۆهەمو تەمەنەکان (Miller 2018).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

3.1.3.سیستەمی کرێدیت ECTS

(ECTS) توخمێکی گرنگی پێواژۆی بۆلۆنیایە، مەبەستی لێی یارمەتیدانی خوێندکارانی نێودەوڵەتییە کە زۆرترین سود لە ئەزموونی خوێندنیان لە دەرەوەی وڵات وەربگرن. سەرەتا ECTS ئاراستەی خوێندکارانی ئیراسموس کرابو، وەک ئامرازێک بۆ داننان بەو کۆرس و پرۆگرامانەی کە لە دەرەوەی وڵات خوێندویانە.

سیستەمی ECTS لە پێواژۆی بۆلۆنیا سیستەمێکی ستاندارد بۆ پێوانەکردنی باری کاری ئەکادیمی خوێندکاران لە سەرانسەری هەمو پرۆگرامە ئەکادیمییەکان. سالێکی خوێندنی تەواو یەکسانە بە 60 (ECTS)، لەم سیستەمەدا هەر کرێدیتێك نوێنەرایەتی بڕێکی دیاریکراو لەکاتی فێربون دەکات (25-30) کاتژمێری فێربون کە هەمو چالاکییەکانی فێربون لەخۆدەگرێت. ژمارەی (ECTS)ی تەرخانکراو بۆ هەر کۆرسێک یان چالاکییەکی ئەکادیمی بەپێی ئەوکاتە دیاریدەکرێت کە پێویستە بۆ تەواوکردنی سەرکەوتوانە. ئەم سیستەمە ئاسانکاری دەکات بۆ هاوئاهەنگی نێوان زانکۆ ئەوروپی و نێودەوڵەتییەکان و بەشداربە لە دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە بڕوانامە ئەکادیمییەکان. **سودە سەرەکییەکانی (ECTS) بۆ خوێندکاران بریتین لە:**

1. بەردەواميدان بە خوێندن: دەتوانیت بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا بەدەستبهێنیت و بۆ ماستەر بچیتە وڵاتێکی تری هەمان یەکێتی، بڕوانامەکەت بە تەواوی دانپێدانراوە و وەک ئەوە هەژمار دەکرێت کە لە هەمان وڵات خوێندبێتت.
2. هەڵی کار لە سەرانسەری ئەوروپا: دۆزینەوەی کار ئاسان دەبێت، چونکە خاوەن کارەکان و دامەزراوەکان لە هەر وڵاتێکی ئەوروپا بن، بەهۆی سیستەمیECTS ەوە بە ئاسانی لە ئاستی زانستی و ماندوبونی خوێندنەکە تێدەگەن و دەیناسنەوە.
3. ئاسانکاری بۆ بەرنامەکانی ئالوگۆڕ: ئەگەر وەرزێکی خوێندن (Semester) لە دەرەوەی وڵاتەکەت بخوێنیت یان بەشداری لە بڕوانامە هاوبەشەکاندا بکەیت، زانکۆی دایکت لە رێگەی "گواستنەوەی کرێدیتەکانەوە "بە ئاسانی ئەو ماوەیەت بۆ هەژمار دەکات و کاتەکەت نافەوتێت.
4. نەهێشتنی جیاکاری لە نێوان خوێندکاران: جیاوازییەکانی نێوان خوێندکاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە زانکۆکاندا کەمدەکاتەوە، هەموان بە یەک پێوەر هەڵدەسەنگێندرێن و مافە ئەکادیمییەکانیان پارێزراوە.
5. پاراستنی دەستکەوتەکان (لە کاتی گۆڕینی بوار): تەنانەت ئەگەر واز لە بەشێك (بوارێکی) خوێندن بهێنیت، کرێدیتەکانت نافەوتێن. دەتوانیت وەک بەڵگەیەک بەکاریانبهێنیتەوە بۆ ئەوەی لە بەشێکی تردا هەمان وانەکان (کۆرسەکان) سەرلەنوێ نەخوێنیتەوە.
6. یەکگرتویی بڕوانامەکان لە هەمو بوارەکاندا: گرنگ نییە چ بوارێکی زانستی دەخوێنیت، ژمارەی کرێدیتەکان وەک یەک دەمێننەوە، ئەمەش وادەکات بەراوردکردنی بڕوانامە جیاوازەکان ئاسان بێت (Pechar 2007) .
7. سیستەمی ECTS گۆڕانکاری بنەڕەتی لەشێوازی هەڵسەنگاندن و نمرەدان لە ئەوروپا دروستکرد. لەم سیستەمەدا، هەر کرێدیتێك نوێنەرایەتی بڕێکی دیاریکراو لە کاتی فێربون دەکات (عادەتەن 25-30) کاتژمێری فێربون، کە هەمو چالاکییەکانی فێربون لەخۆدەگرێت، نەك تەنها وانەکان.
8. سیستەمی ECTS کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵسەنگاندن هەبوە، چونکە جەخت لەسەر بارگرانی کاری خوێندکار دەکاتەوە، نەك تەنها کاتژمێرەکانی وانە پارسەنگی دروست دەکات لە نێوان هەڵسەنگاندنی بەردەوام و کۆتایی رێگە بە گواستنەوەی ئاسانی کرێدیت لەنێوان زانکۆکان دەدات هانی میتۆدی هەڵسەنگاندنی فرەچەشن دەدات (Granger 2020).

4.1.3. تایبەتمەندییە گشتیەکانی کاری گروپی

ابوجربوع 2014 کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکردوە بۆ کاری گروپی بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 – ئارەزوی کاری گروپی: زەحمەتە تاك ناچار بکرێت بەکۆمەڵ کار بکەن، تەنانەت بە رێنمایی رونیشەوە. زۆرێک لە تاکەکان لە هەر بوارێکدا بەرەنگاری کاری گروپی دەبنەوە ئەگەر فۆرمێکی ئیجباری وەربگرێت و تەنانەت ئەگەر بەشداریش بکەن رەنگە بەشداریکردنیان رۆکەش بێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە رێساکانی کار پێویستە کاری گروپی پشتگوێ بخەن، بەڵکو پێویستە ئاسانکاری بۆ بکەن، کاری گروپی پێویستی بە ئامادەیی لایەنە بەشداربوەکان و هەستکردن بە پێویستی و سودوەرگرتنی هەر لایەنێک هەیە.

2 - هاوبەشکردنی کار: مەبەست لە یەکسانییە، پێزانینی کاری هەر لایەنێک یان تاکێکە کە رۆڵی هەیە لە کارلێکی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا، و ئەوەی کە دەسەڵاتی بڕیاردان لە نێوان لایەنەکاندا یەکسان بێت، کاری گروپی ناکرێت رووبدات ئەگەر لایەنێک یان تاکێک وەک دەسەڵاتێکی زیاتر لە بڕیاردان و خاوەنی زانیاری و مەعریفەی زیاتر لە ئەندامانی دیکەی تیمەکە هەستپێبکرێت.

3 - ئامانجی هاوبەش: پێویستە لانیکەم یەک ئامانج هەبێت کە هەمو ئەندامانی تیمی کار لەسەری رێککەوتبن، بەڵام رێککەوتن لەسەر هەمو ئامانجەکان پێویست نییە.

4 - هاوبەشکردنی بەرپرسیارێتی بەشداریکردن و بڕیاردان: لێرەدا هەر لایەنێک بەرپرسیارێتی بەشداریکردن لە چالاکییەکە و بڕیاردان لە ئەستۆ دەگرێت، ئەمەش بە مانای باری کارکردنی یەکسان نییە.

5 - متمانەی دولایەنەی نێوان هەردولا: متمانەی دولایەنە لە نێوان لایەنەکانی بەشدار لە کاری گروپیدا شتێکی بنەڕەتییە، بەڵام ئەم متمانەیە لەناکاو دەرناکەوێت، بەڵکو دەبێت وردە وردە دروست بکرێت، لە رێگەی ئەزمونی کارکردنەوە، تاکەکان دەستدەکەن بە ناسینی یەکتر، لە ئەنجامدا متمانە لە نێواندا گەشەدەکات تا دەگاتە ئاستێک کە بتوانن لە کاری بەکۆمەڵدا فراوانتر و کرانەوە بکەن.

6 - هەستکردن بە ئینتیما: لێرەدا گروپەکە هەست دەکات وەک ئەوەی یەک تاک بێت، و بەمجۆرە دەرئەنجام و کاردانەوەکانی کارەکە بەکۆمەڵ هەڵدەگرێت، هەمو ئەندامێکی گروپەکە هەست دەکات کە بەشێکی دانەبڕاوە لەو گروپە و ئەو کاری گروپیپە کاریگەری کارەکە زیاددەکات و لایەنە نەرێنییەکانی کەمدەکاتەوە (ابوجربوع 2014).

5.1.3. سودەکانی کاری گروپی:

کاری گروپی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی شارەزایی و باشترکردنی پلاندانان و تواناکانی داهێنان بۆ زیادکردنی کارایی دابینەدەکات. ئەمانەی خوارەوە سودەکانی کاری گروپین:

1. بەشداریکردن: ئامانجی کاری گروپی لە نێوان ئەندامەکانیدا هاوبەشە، بۆیە هەر تاکێک هەست دەکات بەشێکە لە تیمەکە، بە جۆش و خرۆشەوە ئەزمون و خاڵە بەهێزەکان و زانیارییەکانی خۆی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
2. توانای چارەسەرکردنی کێشەکان: کاری گروپی رێگە بە هەمو ئەندامەکانی دەدات کە چارەسەری گونجاو و جێبەجێکراو بۆ هەر کێشەیەک بدۆزنەوە، و پاشان هاوکاری بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کاریگەر.
3. دانایی بەکۆمەڵ: ئەمە ئەو دانایی و زانیارییەیە کە لە هەمو ئەندامانی تیمەوە وەرگیراوە، بەبێ گوێدانە ئەزمونە جیاوازەکانیان، کە لە بەرانبەردا ئەنجامێکی قوڵتر و هەمەچەشنتر دەرەخسێنێت.
4. هەستکردن بە سەلامەتی: لەکاتی کارکردن بە تەنیا کارمەند هەست بە گۆشەگیری دەکات و ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای کارکردنی بکات. بۆیە کاری گروپی ئەزمونێکی ناوازە و ئەرێنی سۆزداری دابین دەکات، جگە لە توانای ئەندامانی تیم بۆ هاوبەشکردنی زانیاری و بەرپرسیارێتی.
5. مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکان: گروپێک دەتوانێت باشتر مامەڵە لەگەڵ کێشە سەخت و قوڵەکان بکات لە تاکێک کە بە تەنیا کاردەکات چونکە خاوەنی لێهاتویی و ئەزمونی هەمەچەشنترن.
6. بڕیاردانی خێراتر: چارەسەر و بیرۆکەکان بە خێرایی لە کاری گروپیدا دروست دەبن، هەر بۆیە دەتوانرێت چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە و ئەرکەکان باشتر بە ئەنجام بگەیەنرێن وەک لەوەی تاک بە تەنیا کار بکات (paul 2019).

6.1.3. خودفێربون

فێربون لەلایەن دەروناس و پەروەردەکارانەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، بەو پێیەی بە باشترین شێوازی فێربون دادەنرێت، چونکە هەر فێرخوازێک دەتوانێت فێربێت بە شێوەیەک کە لەگەڵ تواناکانی خۆی و خێرایی فێربونی خۆیدا بگونجێت، هەروەها پەیوەستە بە پاڵنەرەکانیان بۆ فێربون (الحيلة 2003). ئاماژەی بەوە کردوە کە خودفێربون لە هەمو ئاستەکانی پەروەردەدا بە شێوازێکی مۆدێرن و کاریگەر دادەنرێت. جۆرێکە لە فێربون کە فێرخواز بەرپرسیارە لە فێربونی خۆی، یەکێک لە باشییەکانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە شێوازێکی فێرکاری پلان بۆ دارێژراو و خۆئاراستەکراوە کە تێیدا فێرخواز بەشێوەیەکی سەربەخۆ خەریکی چالاکییە پەروەردەییەکان دەبێت، لە چالاکییەکەوە بۆ چالاکیەکی دیکە بەرەو گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییە پێشوەختە دیاریکراوەکان بە ئازادی و بە خێرایی و تا ئەو ڕادەیەی کە لەگەڵیاندا دەگونجێت، پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندنی خۆی و ڕێنمایی و ئاراستەی مامۆستا (المشهداني 2012). ئاماژەی بەوەکردوە، خودفێربون بە شێوازێکی پێشکەوتوی فێربون دادەنرێت، چونکە چالاکییەکە لەلایەن فێرخوازەوە ئەنجام دەدرێت کە بەهۆی ئارەزوی خۆیانەوە بۆ فێربون و پشتبەستن بە خۆیان و متمانە بە تواناکانی خۆیان دەجوڵێن. جگە لەوەش، وەک (المطيري 2017). ئاماژەی بەوە کردوە، شێوازی خودفێربون یارمەتی فێرخواز دەدات شارەزا بێت لەو کارامەییانەی کە پێویستن بۆ بەردەوامبون لە فێربون بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە درێژایی ژیان.

7.1.3.ئامانجەکانی خودفێربون

ئامانجەکانی خودفێربون دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

1 - خودفێربون ئامانجی بەدەستهێنانی فێربونە کە جەخت لەسەر بەشداری چالاکانەی فێرخواز دەکاتەوە و تایبەتمەندییە ناوازەکانیان لەبەرچاو بگرێت.

2 – خودفێربون جەخت لەسەر بەردەستبونی بژاردە و سەرچاوەی فێربونی جۆراوجۆر دەکاتەوە، کە هەر فێرخوازێک پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی بتوانێت توانا و لێهاتوییەکان و ئارەزوەکانی بەکاربهێنێت.

3 - خودفێربون سەرنج دەخاتە سەر جیاوازی تاکایەتی فێرخواز لە خوێندن و فێربوندا، هەروەها لەسەر تواناکانیان بۆ هاوکاری کەسی لەگەڵ گروپەکەدا.

4 - خودفێربون دەرفەت دەدات بە تاکی فێرخواز کە بەرپرسیارێتی فێربونی خۆی لە ئەستۆ بگرێت و بەپێی توانا و ئامادەییەکانی خۆی سەرقاڵی چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەبێت.

5 - خودفێربون ئامانجی ئەوەیە تاک بە لێهاتویی و خوەکانی بەردەوامی بە فێربونی خۆی بدات، بەمەش تاک دەکاتە بەرپرسیار لە بەدواداچونی فێربونی خۆی.

6 – خودفێربون لەسەر بنەمای رێکخستنی ئەزمونەکان و کەرەستەی پەروەردەییە بە شێوەیەک کە رێگە بە هەر خوێندکارێک دەدات بەپێی تواناکانی گەشە بکات و پێشبکەوێت (غباین 2001).

8.1.3.بنەماکانی خودفێربون

(محامدة 2005) و (المشهدانی 2012) ئەم بنەمایانەیان دەستنیشان کردوە کە بنەمای خودفێربونن:

1 - خودفێربون پێویستی بەوەیە فێرخواز بتوانێت بەرپرسیارێتی فێربونەکەی و دەرئەنجامەکانی لە ئەستۆ بگرێت.

2 – فێرخوازان دەتوانن بەپێی خێرایی فێربونی خۆیان نەخشەی پێشکەوتنی فێربونیان دابنێن.

3 - شێوازی خودفێربون جەخت لەسەر رۆڵی مامۆستا دەکاتەوە وەک رێبەر و ڕاهێنەر و ئاسانکار لە کاتی پرۆسەی فێربوندا.

4 - فێرخواز پێویستی بە فیدباکێکی کاریگەر و بەردەوام هەیە لەلایەن مامۆستاوە بۆ چەسپاندنی فێربون.

2.3. توێژینەوەکانی پێشو:

1.2.3. (Shoukry, Mohammed et al. 2023)

بە ناونیشانی (واقعی جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆڵۆنیا لە فێرکردندا لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی زاخۆوە). ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی دیدگای خوێندکارانی زانکۆی زاخۆیە لەسەر جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا لە خوێندنی زانکۆدا، هەروەها دیاریکردنی جیاوازی بۆچونەکانیان لەسەر بنەمای گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز، ساڵی خوێندن، و پسپۆڕی). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی ڕوپێوی بەکارهاتوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (750) خوێندکاری نێر و مێ کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆلێژ و فاکەڵتییەکانی زانکۆی زاخۆ وەرگیراوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پرسیارنامەیەکیان پەرەپێدا کە پێکهاتبو لە (41) بابەتی دابەشکراو بەسەر چوار ڕەهەندا. داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری بە بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری شیکرانەوە، جگە لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکانی تی بۆ یەک نمونە و دو نمونەی سەربەخۆ. ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا، لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە، باش و بەرزە. جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕوی ئاماریەوە لە بۆچونی خوێندکاران سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا دۆزرایەوە لەسەر بنەمای پسپۆڕی ئەکادیمی، کە لە بەرژەوەندی زانستە مرۆڤایەتییەکان بو. بەڵام لە ڕوی ئاماریەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو بە پشتبەستن بە ڕەگەز یان ساڵی خوێندن نەدۆزراوەتەوە.

2.2.3. (ibrahim, qadir et al. 2025)

بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی بۆلۆنیا پرۆسێس لە زانکۆی سلێمانی لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە). ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بۆلۆنیا پرۆسێس لە زانکۆی سلێمانی لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە و زانینی ئاستی بۆلۆنیا پرۆسێس بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبون و کۆلێژ. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە، توێژەران فۆرمی ڕاپرسیان ئامادەکردوە بۆ پێوەری هەڵسەنگاندنی بۆلۆنیا پرۆسێس کەلە (29) بڕگە پێکهاتوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (1022) خوێندکار بەجۆرێك (570) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر، (452) خوێندکار لە ڕەگەزی لە ڕەگەزی مێ. توێژەران بەرنامەی (SPSS)یان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕوی ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە دەریخستوە، کە ئاراستەی خوێندکاران دەربارەی بۆلۆنیا پرۆسێس لای خوێندکارانی زانکۆ (نمونەی توێژینەوەکە) بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی شوێنی نیشتەجێبون (ناوشار-دەرەوەی شار) لای خوێندکارانی زانکۆ لەبەرژەوەندی خوێندکارانی ناوشار. هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی گۆڕاوی کۆلێژ.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

4. چوارچێوەی ڕێککارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

1.4. میتۆدی توێژینەوەکە - Study Method:

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی (میتۆدی تێکەڵاو -Mix Method) کراوە، کە تێکەڵکردنێکی ڕێکخراوی نێوان ڕێگای (چۆنایەتی -Qualitative)و ڕێگای (چەندایەتی -Quantitative) لەخۆدەگرێت. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە لە دو توێژی جیاواز (مامۆستایان و خوێندکاران) پێکهاتوە. بەجۆرێك لەگەڵ مامۆستایان چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە(Semi-Structured Interview) بەکارهاتوە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و تێڕوانینی قوڵ لەسەر بابەتەکە. ئەم بەشە لە ئاڕاستەی چۆنایەتی دادەنرێت، کە پشت بە وشە و وەسف دەبەستێت. هاوکات لەگەڵ خوێندکاران فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire) بەکارهاتوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێوانەیی و ژمارەیی. ئەم بەشە لە ئاڕاستەی چەندایەتی دادەنرێت، کە ئەنجامەکان بە شێوەی خشتە و ژمارە ڕێکدەخرێن. پاش کۆکردنەوەی داتاکان، لە قۆناغی شیکارییەوە، ئەم دو جۆرە زانیارییە (چۆنایەتی و چەندایەتی) تێکەڵ کراوە و پێکەوە لە بەرچاو گیراون بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی پتەوتر. هەروەها ئامانج لەم تێکەڵکردنە، خستنەڕوی تەواو و وردی داتا و زانیارییە کۆکراوەکانە بە شێوازێکی پوخت و زانستی.

2.4. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە –Community Of research:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە لە مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین (کەمپەسی ڕانیە) پێکهاتوە. بە جۆرێك زانکۆی ڕاپەڕین " کەمپەسی ڕانیە" لە (7) کۆلێژ پێکهاتوە، بەڵام تەنها (6) کۆلێژ وەرگیراوە، چونکە کۆلێژ یاسا و خوێندنی ئاینی شێوازی خوێندنی بۆلۆنیا نییە و وەرنەگیراوە. کە بەپێی دواین ئاماری بۆ ساڵی خوێندنی (2025-2026) ئەم (6) کۆلێژە لە (4877) خوێندکار پێکهاتوە.

3.4. نمونەی توێژینەوەکە- Sample: بە هۆی ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی تێکەڵاو بەکارهاتوە، بۆیە دو جۆر نمونە وەرگیراوە. لە ئاڕاستەی چۆنایەتی، نمونەی مەبەستدار بەکارهاتوە کە هەوڵدراوە لە هەر کۆلێژێك چاوپێکەوتن لە گەڵ دو مامۆستا بکرێت، بە گشتی توێژەران چاوپێکەوتنیان لە گەڵ (12) مامۆستا ئەنجام داوە.

بەڵام لە ئاڕاستەی چەندایەتی لەم توێژینەوەیەدا، پەنابراوەتە بەر نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی لە جۆری نارێژی (Disproportionate stratified sampling). بە شێوەیەکی یەکسان قەبارەی نمونە لە هەر یەکێك کۆلێژەکان وەرگیراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێژەی هەر کۆلێژێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە هەر یەك لە کۆلێژەکانی: (ز.مرۆڤایەتییەکان، پەروەردەی بنەڕەت، کارگێڕی و دارایی، سەرۆکایەتی، پەرستاری و زانست): (80) خوێندکار بەشێوەیەکەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، کە کۆی گشتی نمونەی توێژینەوەکەمان (480) خوێندکارە. بەجۆرێك (196) خوێندکار ڕەگەزی نێر و (284) خوێندکاریش ڕەگەزی مێ. بۆ دیاریکردنی قەبارەتی نمونەکەش پەنابراوەتە بەر یاسای ئەلفا بەپێی ئاستی گومانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (0.05). کە کردوویەتیە (375) خوێندکار، بەڵام ڕێژەکە بەرزکراوەتەوە بۆ (480) خوێندکار

$$n=\frac{4877}{1+4877\times(0.05)^2}=375\approx480$$

خشتەی (1) کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە (خوێندکاران) نیشاندەدات

کۆلێژ	کۆمەڵگەی توێژینەوەکە	نمونەی وەرگیراو بەپێی ڕەگەز		نونەی وەرگیراو بەپێی پسپۆڕی		نمونەی وەرگیراو بەپێی کۆلێژ
		نێر	مێ	ز.سروشتی و پەتییەکان	ز. مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان	
ز.مرۆڤایەتییەکان	760	43	37	-	80	80
پەروەردەی بنەڕەت	2166	31	49	13	67	80
کارگێڕی و دارایی	397	27	53	-	80	80
سەرۆکایەتی	300	36	44	80	-	80
پەرستاری	259	30	50	80	-	80

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

زانست	995	29	51	80	-	80
کۆی گشتی	4877	196	284	253	227	480

4.4.ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

1.4.4. پرسیارەکانی چاوپێکەوتن: بەمەبەستی چاوپێکەوتن لە گەڵ مامۆستایان توێژەران چەند پرسیارێکیان ئامادەکردبو، دوای وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان لە ڕوی زانستی و زمانەوانی پرسیارەکان بە شێوەی پرسیاری نیمچەکراوە ئاڕاستەی مامۆستایان کرابو، بە ڕێگای چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ بەجۆرێك کاتی چاوپێکەوتنەکان بەپێی گونجاوی کاتی مامۆستایان ڕێکخرابو. هەروەها هیچ نمونەیەکی توێژینەوەکە ناوەکەی دانەنراوە، بەڵکو بە شێوەی کۆدی لە توێژینەوەکە خراوەتەڕو کۆدی (FM) بۆ ڕەگەزی مێ و (M) بۆ ڕەگەزی نێر بەکارهاتوە.

2.4.4. پێوەرەکانی توێژینەوەکە: بۆ پێوانەکردنی ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و خودفێربون بەسودوەرگرتن لە تیۆر و توێژینەوەکانی پێشو و ڕای پسپۆڕانی ئەم بواڕە، بەشێوەیەکی سەرەتایی پێوەرەکە لە (40) بڕگە پێکهاتوە، بەجۆرێك دو ڕەهەند لەخۆدەگرێت (کاری گروپی) لە (20) بڕگە و (خودفێربون) لە (20) بڕگە پێکهاتوە. هەروەها بژاردەکانی پێوەرەکە لە (لیکەرتی پێنجینەیی) پێکهاتوە، بەجۆرێك بۆ بڕگە ئەرێنییەکان هێزی بژاردەکان (1,2,3,4,5) و بۆ بڕگە نەرێنییەکانیش (5,4,3,2,1). دواتر ئەم پێوەرە تەواوی تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکانی بە ئامانجی ڕاستێتی و جێگری بۆ ئەنجامدراوە: بەم شێوەی خوارە:

5.4. تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکان بۆ پێوەری توێژینەوەکە

1.5.4.ڕاستێتی پێوەرەکانی توێژینەوەکە: بۆ ڕاستێتی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، توێژەران هەردو ڕێگەی ڕاستێتی (جیاکاری و بونیادیان) بۆ پێوەری توێژینەوەکە ئەنجامداوە:

أ- ڕاستێتی جیاکاری- Differential Validity: ئەم جۆرە لە ڕاستێتی بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت، بۆیە توێژەران نمرەی بەزر و نزمی نمونەی توێژینەوەکەیان هەژمارکردوە، کە ژمارەیان (480) خوێندکار بوە. لەم ژمارەیەش بە ڕێژەی لە (27%) تاکەکانی بەسەر دو کۆمەڵەی سەربەخۆی (Independent) دابەشکردوە. ئەم ڕێژەیەش گونجاوە بۆ ئەنجامدانی هێزی جیاکاری بڕگەکانی هەر پێوەرێك. لەسەر ئەو بنەمایەش لە (130) خوێندکار، کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە. لەگەڵ (130) خوێندکاریش، کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە. دواتر لەڕێگەی تاقیکردنەوەی تی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test)) هەردو گروپی نمرەی بەرز و نزم بەراود کراوە بەیەکتری. وەك لە خشتەی (2) دەردەکەوێت:

لە ڕەهەندی (***پەرەپێدانی کاری گروپی***) لە (20) بڕگەدا بێجگە لە بڕگەی (**Y16-A**) جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریان لە نێوان گروپی بەرز و نزمدا بونی هەیە، چونکە (p.value > 0.05) و هاوکات بەهای (t. test) گەورەترە لە بەهای (t. Table). ئەم جیاوازیەش لە هەر (19) بڕگەکە بۆ ئەو گروپەی نمرەی بەرزیان بەدەستهێناوە دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەم (19)بڕگە وەك خۆیان دەمێننەوە و بڕگەی (**Y16-A**) بەهۆی ئەوەی بەڵگەدار نییە ڕەشدەکرێتەوە. بۆیە ئەم ڕەهەندە بوە (19) بڕگە.

هەروەها لە ڕەهەندی (***خودفێربون***) لە (20) بڕگەدا بێجگە لە بڕگەکانی (**Y5-B, Y11-B**) جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریان لە نێوان گروپی بەرز و نزمدا بونی هەیە، چونکە (p.value > 0.05) و هاوکات بەهای (t. test) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (t. Table). ئەم جیاوازیەش لە هەر (18) بڕگەکە بۆ ئەو گروپەی نمرەی بەرزیان بەدەستهێناوە دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەم (18)بڕگەیە وەك خۆیان دەمێنەوە و بڕگەی بڕگەکانی (**Y5-B, Y11-B**) بەهۆی ئەوەی بەڵگەداریان نییە، ڕەشدەکرێنەوە. بۆیە ئەم ڕەهەندە بوە (18) بڕگە.

خشتەی (2) ڕاستێتی جیاکاری بۆ ڕەهەندەکانی پێوەری توێژینەوەکە

ڕەهەندەکان	بڕگە	گروپ	ناوەندی ژمێرەیی	p-value	بڕگە	گروپ	ناوەندی ژمێرەیی	p-value	بڕگە	گروپ	ناوەندی ژمێرەیی	p-value
A- ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری	Y1A	بەرز	4.23	0.001	Y8A	بەرز	4.47	0.001	Y15A	بەرز	3.88	0.004
		نزم	2.34			نزم	3.35			نزم	1.63	
	Y2A	بەرز	4.13	0.003	Y9A	بەرز	4.20	0.001	Y16	بەرز	3.76	0.342
		نزم	2.87			نزم	2.89			نزم	3.47	

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

				A								
	Y3 A	بەرز	3.92	0.005	Y10 A	بەرز	3.77	0.012	Y17 A	بەرز	4.44	0.001
		نزم	2.04			نزم	2.42			نزم	2.75	
	Y4 A	بەرز	4.05	0.002	Y11 A	بەرز	3.97	0.001	Y18 A	بەرز	3.90	0.001
		نزم	1.79			نزم	2.12			نزم	2.10	
	Y5 A	بەرز	4.19	0.021	Y12 A	بەرز	4.17	0.001	Y19 A	بەرز	2.88	0.002
		نزم	3.02			نزم	3.45			نزم	1.13	
	Y6 A	بەرز	4.50	0.001	Y13 A	بەرز	4.75	0.003	Y20 A	بەرز	4.63	0.001
		نزم	3			نزم	3.29			نزم	2.15	
	Y7 A	بەرز	3.85	0.005	Y14 A	بەرز	3.88	0.001	گروپی بەرز (130) یەکە گروپی نزم (130) یەکە = کۆی گشـــتی 260 یەکە نمرەی ئازاد = 128			
B- ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێریون	Y1 B	بەرز	4.73	0.002	Y8 B	بەرز	4	0.001	Y15 B	بەرز	3.94	0.002
		نزم	2.92			نزم	3.10			نزم	2.27	
	Y2 B	بەرز	3.88	0.001	Y9 B	بەرز	4.75	0.001	Y16 B	بەرز	4.12	0.001
		نزم	2.27			نزم	3			نزم	3.15	
	Y3 B	بەرز	4.36	0.003	Y10 B	بەرز	4.21	0.004	Y17 B	بەرز	4.20	0.001
		نزم	3.03			نزم	3.19			نزم	3.42	
	Y4 B	بەرز	4	0.001	Y11 B	بەرز	3.16	0.213	Y18 B	بەرز	3.89	0.001
		نزم	3.40			نزم	3			نزم	2.11	
	Y5 B	بەرز	3.52	0.163	Y12 B	بەرز	4.54	0.001	Y19 B	بەرز	4.07	0.001
		نزم	3.21			نزم	2.85			نزم	3.16	
	Y6 B	بەرز	4.44	0.001	Y13 B	بەرز	4.05	0.003	Y20 B	بەرز	4.09	0.001
		نزم	3			نزم	3.17			نزم	3.10	
	Y7 B	بەرز	3.82	0.002	Y14 B	بەرز	4.56	0.001	گروپی بەرز (130) یەکە گروپی نزم (130) یەکە = کۆی گشـــتی 260 یەکە نمرەی ئازاد = 128			

ب- ڕاستێتی بونیادی - Contract Validity: بۆ ئەو مەبەستە توێژەران سودیان لە هاوکۆڵکەی پێرسۆن وەگرتوە، بە جۆرێك پێوەری توێژینەوەکە لە ڕەهەندی (**ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی**)بەگشـــتی لە (19) برگە پێکهاتوە. وەکو لەخشـــتەی(3) دەبینرێت. لەم ڕەهەندەدا (18) برگە پەیوەســـتیەکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی گشـــتی ڕەهەندەکەیان هەیە،

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value<0.05) بۆیە برگەکان وەك خۆیان مانەوە. بەڵام برگەی **(Y2-A)** پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەی نەبو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05)، بۆیە ئەم برگەیە دەسڕێتەوە. هەروەها لە ***(ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربون)لە*** (18) برگە پێکهاتبو، (16) برگە پەیوەستیەکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی گشتی ڕەهەندەکەیان هەبو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value<0.05) بۆیە ئەم برگانە وەك خۆیان مانەوە. بەڵام برگەکانی **(Y7-B, Y18-B)** پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیان نەبو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05)، بۆیە ئەم دو برگەیە دەسڕێنەوە.

خشتەی(3) ڕاستێتی بونیادی پێوەری توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

ڕەهەندەکان	برگە	پەیوەست	برگە	پەیوەست	برگە	پەیوەست
A- ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی	Y1- A	0.696**	Y8- A	0.805**	Y15- A	0.821**
	Y2-A	0.157	Y9-A	0.789*	Y16-A	0.408**
	Y3-A	0.704**	Y10-A	0.778**	Y17-A	0.413**
	Y4-A	0.794**	Y11-A	0.753**	Y18-A	0.440**
	Y5-A	0.733**	Y12-A	0.760**	Y19-A	0.560**
	Y6-A	0.783**	Y13-A	0.783**		
	Y7-A	0.588**	Y14-A	0.797**		
B- ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربون	Y1- B	0.750**	Y8- B	0.770**	Y15- B	0.685**
	Y2-B	0.783**	Y9-B	0.785**	Y16-B	0.413**
	Y3-B	0.709**	Y10-B	0.584**	Y17-B	0.609**
	Y4-B	0.769**	Y11-B	0.821**	Y18-B	0.142
	Y5-B	0.813**	Y12-B	0.776**		
	Y6-B	0.808**	Y13-B	0.832**		
	Y7-B	0.203	Y14-B	0.542**		

** P-Value<0.05 ** P-Value<0.01*

2.5.4.. جێگیری "Reliability" بۆ پێوەری توێژینەوەکە: توێژەران بۆ جێگیری پێوەری توێژینەوەکە ڕێگای (Internal Consistency) بەکارهێناوە، کە ئاستێکی بەرزی بۆ جێگربونی هەر پێوەرێك هەیە:

- چۆنایەتی ناوخۆیی- Internal Consistency: توێژەران بۆ پێوەری توێژینەوەکە سودیان لە هاوکۆلکەی (MCDONALD'S OMEGA) وەرگرتوە، چونکە پێوەری توێژینەوەکە لە دو ڕەهەند پێکهاتوە ئەم هاوکۆلکەیش ئاستێکی بەرزتر نیشاندەدات بۆ ئەو پێوەرانەی ڕەهەندیان هەیە: وەك لە خشتەی (4) دەردەکەوێت بەهای ئۆمیگا لە ڕەهەندی **(ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی) بەگشتی** بریتییە لە (0.834). ڕەهەندی **(ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربون)** بریتییە لە (0.871) ئەم بەهایانەش ئاستێکی باشی جێگری نیشاندەدات. هاوکات توێژەران بۆ پێوەرەکە بە شێوەیەکی گشتی سودیان لە هاوکۆلکەی (Cronbach's Alpha)وەرگرتوە. چونکە ئەم هاوکۆلکەیە گونجاوە بۆ نیشاندانی ئاستی جێگیری پێوەرەکە (Mahmood and Bakr 2023)، وەکو لە خشتەی (4)دەبینرێت، بەهای ئەڵفای کرۆنباخ پێوەرەکە بەگشتی برتییە لە (0.953)ە. ئەمەش بە ئاستێکی زۆر باشی جێگیری دادەنرێت.

خشتەی (4) ئاستی جێگری بۆ پێوەری توێژینەوەکە نیشاندەدات

ڕەهەندەکانی پێوەرەکە	ژ .برگە	MCDONALD'S OMEGA
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی	18	0.834

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربون	16	0.871
	Alpha's Cronbach	
بەگشتی	34	0.953

6.4. نۆرماڵەتی داتاکان- " دابەشبونی سروشتی داتاکان"

بۆ دابەشبونی سروشتی داتاکان سودمان لە تاقیکردنەوەی (Kolmogorov-Smirnov) وەرگرتوە. وەك لە خشتەی (5) دەردەکەوێت. بەهای تاقیکردنەوەی هەردو پێوەرەکە (p.value > 0.05)، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە داتا بەدەستهاتوەکان بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبون، بەمەش دەتوانین سود لە ئامارە پارامەتریەکان وەربگرین و گشتاندن بۆ ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوەکە بکەین.

خشتەی (5) دابەشبونی سروشتی داتاکان نیشاندەدات

ڕەهەندەکانی پێوەرەکە	N	Kolmogorov-Smirnov p.value	Normality
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی	480	0.183	✓ نۆرماڵە
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربون	480	0.200	✓ نۆرماڵە

5. گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بە گشتی:

بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران سودیان لە ئاماری وەسفی وەرگرتوە، وەك لە خشتەی(6) دەرکەوتوە:

- لە ڕەهەندی ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی: دەرکەوتوە ناوەندی سەنگکراو برتییە لە (3.61) ئەمەش نێوان بژاردەکانی (تاڕادەیەك لەگەڵیدام) و (لەگەڵیدام). بەپێی ئاستی بژاردەکانیش ئاستەکەی "بەرز " ئەمەش دەرخەری ئەوەیە. خوێندکاران ئاڕاستەیەکی ئەرێنی بەرزیان سەبارەت بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی هەیە. بە واتایەکی تر خوێندکاران پێیا وایە پێواژۆی بۆلونیا توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرز و ئەرێنی پەرە بە کاری گروپی لە نێوان خوێدکاران بکات.

- لە ڕەهەندی ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون: دەرکەوتوە ناوەندی سەنگکراو بریتییە لە (3.22) ئەمەش نزیکە لە بژاردەی (تاڕادەیەك لەگەڵیدام). بەپێی ئاستی بژاردەکانیش ئاستەکەی " ناوەندە" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە. خوێندکاران ئاڕاستەیەکی ئەرێنی مامناوەند سەبارەت بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربوندا هەیە . بە واتایەکی تر خوێندکاران پێیا وایە پێواژۆی بۆلونیا توانیویەتی بەشێوەیەکی مامناوەند و ئەرێنی پەرە بە کارامەیی خودفێربون لە نێوان خوێدکاراندا بکات. هەروەها لە روی پلەشەوە خوێندکاران ئاراستەیان بەو جۆرەیە، کە پێواژۆی بۆڵۆنیا لەسەر پەرەپێدانی کاری گروپی زیاترە بەبەراورد بە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون.

خشتەی (6) ئاڕاستەی خوێندکاران سەبارەت بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بە گشتی

پێوەری توێژینەوەکە	ژ. نمونە	نزمترین نمرە	بەرزترین نمرە	لادانی پێوەری	ناوەندی سەنگراو	ئاست بەگوێرەی بژاردەکان	پلە
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی	480	1.06	4.94	0.67	3.61	بەرز	1
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون	480	1.19	5	0.89	3.22	ناوەند	2

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکان= 5-1/5 = 0.80 (1- 1.80، زۆر نزمە) (1.81- 2.60، نزم) (2.61- 3.40، ناوەند) (3.41- 4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز) (Khdir, Mahmood et al. 2025, Khdir, Mahmood et al. 2025)

لەم خشتەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خوێندکاران ئاراستەیان بەو جۆرەیە، کە پێواژۆی بۆلونیا توانای بەرزی لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربوندا هەیە، بەڵام بەرزترین ئاستی پەیوەندی لە بواری کاری گروپیدا دەرخستوە. ئەمە ئاشکرای دەکات، کە پێواژۆی بۆلونیا خوێندکاران لە کارە گروپییەکاندا بە شێوازێکی هەماهەنگ، هاوبەشانە و بەرز بەکاردەهێنێت. هاوکات کارامەیی خودفێربونیان بە شێوەیەکی ماماناوەند و کاریگەر پەرەپێ دەدات. ئەم دەرئەنجامانە نیشانەی ئەوەن پێواژۆی بۆلونیا نەک تەنها توانای پەرەپێدانی فێرکاری گروپی بەهێز دەکات، بەڵکو وەک ڕێگایەکی ڕێکخراو و زانستی لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربونی خوێندکاراندا ڕۆڵ دەبنێت.

ئامانجی دووەم: تێروانینی مامۆستایان بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بە گشتی:

بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستایان چەند پرسیارێکیان ئاڕاستە کرابو. بەجۆرێك پرسیارەکان بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە ئەوانیش **یەکەم** (بۆچونی مامۆستایان بەرانبەر بە پێواژۆی بۆلۆنیا بەگشتی) کە لە (4) پرسیار. **دووەم** (بۆچونی مامۆستایان بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی لەنێوان خوێندکاراندا.) (4) پرسیار . **سێیەم** (بۆچونی مامۆستایان بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربونی خوێندکاران) (4) پرسیار: کە وەڵامەکانیان بەم جۆرەی خوارەوە بو:

خشتەی(7) تێروانینی مامۆستایان بۆ پێواژۆی بۆلۆنیا - ڕوانگەی گشتی

ڕەهەندی شیکردنەوە	(ڕێگر و ئاستەنگەکان)	(دەستکەوت و پشتیوانی)
پێواژۆی بۆلۆنیا (ڕوانگەی گشتی)	**گروپی: (M-5, FM3)** پرۆسەی بۆلۆنیا لە ناوچەکەدا بە گشتی شکستی هێناوە. جیاوازی نێوان تیۆری و پراکتیک زۆرە، پێکهاتەکانی جێبەجێ نەکراون. ڕێگرە پێکهاتەیی و کۆمەڵایەتییەکان زۆر گەورەن. گۆڕانکارییەکان لە ئاستی تیۆریدا ڕون بون بەڵام لە پراکتیکدا ڕوبان نەداوە. **گروپی: (FM-1, M-6, M-2)** پرۆسەکە لە قۆناغی تاقیکردنەوەدایە، پێویستی بە کاتی زیاتر و گونجانی لەگەڵ کەلەپوری پەروەردەیی ناوچەکە هەیە	**گروپی: (FM-2, M-4, FM6, M3)** پرۆسەی بۆلۆنیا لە بنەما و تیۆردا ڕێبازێکی پێشکەوتوی پەروەردەییە. مانای بۆلۆنیا گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکەرەوە بۆ ڕێنیشاندەر و گۆڕینی خوێندکار لە وەرگر بۆ بەرهەمهێنەری زانینە. **گروپی: (FM-4, FM-5, M1)** پرۆسەی بۆلۆنیا لە بنەما و تیۆردا ڕێبازێکی پێشکەوتوە، لە هەندێ بەشدا سەرکەوتو بوە، ئەگەر ڕێگرەکان لابرێت دەتوانێت سەرکەوتو بێت لە تەواوی بەشەکەکانی زانکۆدا.
پێکهاتەکانی (ڕاهێنان و پاڵپشتی خێزان)	**گروپی: (M-5, FM-3, M1, M6)** ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر شێوازەکانی کاری گروپی و خودفێربون سەرەکیترین ئاستەنگە. زۆربەی مامۆستایان ڕاهێنانی پێویستیان وەرنەگرتوە یان ڕاهێنانەکە ناتەواو بوە. پێویست بە ڕاهێنانی بەردەوام و پراکتیکی هەیە.	**گروپی: (FM-1, FM-2, FM-4, FM-5, M1, M-2, M3, M-4)** ئەو مامۆستایانەی کە ڕاهێنانیان بینیوە، توانای باشتریان هەبوە لە جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا. لە کاتێکدا کە خێزانەکان پشتیوانی خوێندکارانیان کردوە و ئاشناییان بە سیستەمی بۆلۆنیا هەبوە، خوێندکار سەرکەوتنی باشتری هەبوە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

سنوردارکردنی جێبەجێکردن (قەبارەی پۆل)	**گروپی: (M-6, M-2, M-5, FM-3)** ژمارەی زۆری خوێندکاران لە پۆلدا (35-45) سەرەکیترین سنوردارکەرە. چاودێری گروپەکان ناکرێت، بەشداری نایەکسان دروست دەبێت، خوێندکارانی لاواز ون دەبن. **گروپی (M-3, M-2, FM-1)** ئەگەر ماموستایان ڕاهێنانی باشتر و بەردەوام ببینن و ژێرخانی پێویست دابین بکرێت، زۆربەی ئاستەنگەکان چارەسەر دەبن.	**گروپی: (FM-2, FM-4, FM-6 M1, M-4)** کاتێك ژمارەی خوێندکاران کەمتر بو (25)، جێبەجێکردنی پرۆسەکە باشتر بوە و چاودێری گروپەکان ئاسانتر بوە. ئەو خوێندکارانەی کە لە ئاستی خوێندن و تێگەیشتندا باشتر بون، سودی زۆریان لە پرۆسەکە بینیوە.
فاکتەرە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا	**گروپی (M-3, M-2, FM-1)** جیاوازی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا لە نێوان خوێندکارانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە. خوێندکارانی لاوازتر لە پرۆسەکەدا ون دەبن. کەمی سەرچاوەی دیجیتاڵی بە زمانی کوردی ئاستەنگی سەرەکییە. **گروپی:(M-2, M-4, FM-5)** کێشەکە لە کەمی تەکنەلۆژیا نییە، لە شێوازی بەکارهێنانی لەلایەن ماموستا و خوێندکارەوەیە.	**گروپی: (FM-2, FM-3, FM4, M-5, FM-6, M-6)** ئەو خوێندکارانەی کە دەستڕاگەیشتنیان بە تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتی خێرا هەیە، توانای بەشداریکردنیان لە پرۆسەکەدا زۆر باشتر بوە. پلاتفۆرمەکانی فێربونی ئۆنلاین (کلاسڕوم، وایبەر و گروپەکانی تێلیگرام) هاوکاری باشیان کردوە لە بەردەوامی پەیوەندی و تەواوکردنی پرۆژەکاندا.
بەردەوامی فێربون	**گروپی: (FM-2, FM-4, FM-6 M1, M-4, M-6, M-2, M-5, FM-3, FM-5)** دابڕانی خوێندن لە نێوان سێمستەرەکان و زۆری پشوەکان کاریگەری نێگەتیڤی ڕوونی هەیە. زانیاری لەبیردەچێت، پرۆژە تاك و گروپییەکان تەواو نابن. هەروەها بەردەوامی فێربون لاواز دەبێت.	**گروپی:(FM-1)** بەردەوامی فێربون بەندە بە خوێندکارەکە، نەک بە پێکهاتەی سێمستەر؛ خوێندکاری بەرپرسیار خۆی بەردەوام دەبێت.

لە ڕوانگەی گشتییدا، دەرکەوتوە کە پێواژۆی بۆلۆنیا لە بنەما و تیۆریدا وەک ڕێبازێکی پێشکەوتوی پەروەردەیی پەسەندکراوە لەلایەن زۆربەی ماموستایانەوە، بە تایبەتی لە ڕوی گۆڕینی ڕۆڵی ماموستا بۆ ڕێنیشاندەر و چالاککردنی ڕۆڵی خوێندکار وەک بەرهەمهێنەری زانین. بەڵام لە هەمان کاتدا، جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان ئاستی تیۆری و پراکتیکدا هەیە، کە ئەمە بە شێوەیەکی گشتی وەک کێشەی سەرەکی دەردەکەوێت.

لە ڕوی جێبەجێکردنەوە، ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە سەرکەوتنی پرۆسەکە بەستراوە بە چەند فاکتەرێکی سەرەکی، وەک ڕاهێنانی ماموستایان، پاڵپشتی خێزان، قەبارەی پۆل، و دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا. ماموستایانی کە ڕاهێنانیان وەرگرتوە، توانای باشتر لە جێبەجێکردندا نیشان داوە، بەڵام کەمی ڕاهێنانی پراکتیکی و بەردەوام بە شێوەیەکی گشتی وەک ئاستەنگی سەرەکی باس کراوە. هەروەها، قەبارەی پۆل و ژمارەی زۆری خوێندکاران کاریگەری نەرێنییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کوالێتی بەشداری و چاودێری، کە دەبێتە هۆی نایەکسانی فێربون.

لە ڕوی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەوە، ئەنجامەکان دوڕوییەک پیشان دەدەن، لە لایەکەوە، دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکان هاوکاری سەرەکی بوە بۆ پەرەپێدانی فێربونی هاوبەش، بەڵام لە لایەکی ترەوە، نایەکسانی لە دەستڕاگەیشتن و کەمی سەرچاوەی کوردی بوە بە هۆی دروستبونی جیاوازی لەنێوان خوێندکاراندا. لە هەندێ ڕوانگەشدا، کێشەکە نەک تەنها لە کەمی تەکنەلۆژیا، بەڵکو لە کەمی شایستەیی بەکارهێنانیەتی لەلایەن ماموستا و خوێندکارەوە.

لە ڕوی فێربونی بەردەوامەوە: زۆری ماموستایان بە شێوەیەکی گشتی گرفتی زۆری پشوە لە وەرزەکانی خوێندنداً بە گەورەترین بەربەستدادەنێن لە بەردەم پێواژۆی بۆلونیادا، چونکە پێیان وایە ئەم زۆری پشوە هۆکارێکە بۆ تەواونەکردنی ئامانجەکانی ماموستا و ناتەواوی پرۆژە گروپ و تاکییەکان. بە گشتی، دەتوانرێت بڵێین کە پرۆسەی بۆلۆنیا لە ناوچەکەدا هێشتا لە قۆناغی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

گواستنەوە لە تیۆری بۆ پراکتیکدایە، و سەرکەوتنی تەواوی بەستراوە بە دابینکردنی ژێرخانی پێویست، باشترکردنی سیستەمی ڕاهێنان، کەمکردنەوەی قەبارەی پۆلەکان، و گونجاندنی پڕۆسەکە لەگەڵ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەلەپوورییەکانی ناوچەکە. ئەگەر ئەم فاکتەرە سەرەکییانە بە شێوەیەکی سیستەماتیک چارەسەر بکرێن، ئەوا هیوایەکی گەورە هەیە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنێکی بەردەوام و فراوان لە جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا.

خشتەی (8) ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و خودفێربون لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

	(ڕێگر و ئاستەنگەکان)	(دەستکەوت و پشتیوانی)
کاری گروپی (ڕەهەندی تیۆری)	**گروپی:(M-4, M-6 , FM-3, FM-5)** لە تیۆردا پشتیوانی هەیە بەڵام لەگەڵ کلتوری پەروەردەیی ناوچەکە ناگونجێت. پشتیوانی تەواوی نییە، پێیان وایە کاری گروپی ڕۆڵی مامۆستا کەم دەکاتەوە.	**گروپی: (M-3, M-1, M-5 , FM-2, FM-6, FM-1)** پشتیوانی تەواو و بە مەرج. بۆلۆنیا ژینگەی فێربونی هاوبەش دروست دەکات، فێربونی کۆمەڵایەتی پتەو دەکات، ڕێگە بە هاوکاری، گفتوگۆی ڕەخنەیی، و گۆڕینی بیرۆکە دەدات. ئەمە لەگەڵ ڕێبازی خوێندکار-سەنتەری هاوڕێکە. **گروپی: (M-2, FM-4)** بۆلونیا هانی کاری گورپی دەدات و ئەمەش هۆکارێکە بۆ کار ئاسنی مامۆستا بە تایبەت ئەو پۆلانەی ژمارەیان زۆرە، هەروەها بۆلونیا ڕۆلی هەیە لە دروستکردنی گیانی هاوکاری و سەرکردایەتی لە نێوان خوێنکاراندا.
کاری گروپی (ڕەهەندی پراکتیکی)	**گروپ: (FM-5, M-4, FM3)** جێبەجێکردن قەبارەی گەورەی پۆل، کەمی کات و شوێنی گونجاو، کێشەی چاودێری، و بەشداری نایەکسان لە ناو گروپدا ڕێگری سەرەکین. **گروپی:(FM-4, M-2, M-3, M-4)** کێشەکە لە بەڕێوەبردنی پۆلە، نەک لە پێواژۆی بۆلۆنیا.	**گروپی: (M-5, FM-2)** بەشێکی جێبەجێ کراوە. لە هەندێ پۆل و حاڵەتدا سەرکەوتو بوە، بەتایبەتی کە خوێندکاران پێشتر ئاشنا بون بە کاری گروپی. پڕۆژەی گروپی بچوک (٣-٤ خوێندکار) و گفتوگۆی ڕەخنەیی و دیبەیت زۆرترین سودیان هەبوە. **گروپی: (M-1, FM-6- M-6)** سەرکەوتن بە مەرجی ڕاهێنان، کات، و چاکسازیی شێوازی پڕۆسەکە.
خودفێربون (ڕەهەندی تیۆری)	**گروپی:(M-1, M-5 , FM-2, FM-5)** سنوردار بۆ هەمو خوێندکاران؛ بەندە بە توانای تاکەکەسی و پاڵپشتی خێزان. **گروپی:(M-3, FM-4)** ڕەخنە لە کەمبونی ڕۆڵی مامۆستا و دابینکردنی سەرچاوە.	**گروپی(M-6, M-2, M-4, FM-3, FM-1, FM-6) :** خودفێربون بنەمای بۆلۆنیایە، خوێندکار وەک بەرهەمهێنەری زانین دەگۆڕێت و پەرەپێدانی سەربەخۆیی و فێربونی ژیانی هەمیشەیی دەدات.
خودفێربون (ڕەهەندی پراکتیکی)	**گروپی(M-5, M-6 / FM-1, FM-4)** کەمی سەرچاوەی کوردی و جیاوازی توانای خوێندکاران دەبێتە هۆی نایەکسانی فێربون **گروپی(M-3 / FM-5)** کێشە زیاتر پەیوەستە بە ڕاهێنان و ئامادەکاریی پێش جێبەجێکردن	**گروپی:(M-1, M-4 / FM-2, FM-6)** خوێندکارانی بەهێز و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و تەکنەلۆژیا، توانای پەرەپێدانی کارامەییە بنچینەیی و خۆڕێکخستن زیاد دەبێت. **گروپی:(M-2 / FM-3)** سەرکەوتن بە مەرجی ژێرخان و میکانیزمی سەرچاوە.

ئەنجامەکان نیشانیدەدەن کە پێواژۆی بۆلۆنیا لە ئاستی تیۆریدا بە شێوەیەکی بەهێز پشتیوانی لە کاری گروپی و خودفێربون دەکات، وەک دو پێکهاتەی بنەڕەتیی مۆدێلی (خوێندکار-سەنتەری) کە ئامانجی پەرەپێدانی فێربونی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگری، و بەرهەمهێنانی زانینە. لەم چوارچێوەیەدا، کاری گروپی وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی هاوبەشی فێربون و گەشەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێت، هەروەها خودفێربون بە بنەمای ئامادەکردنی خوێندکار بۆ فێربونی ژیانی هەمیشەیی دادەنرێت. بەڵام،

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لە ئاستی پراکتیکدا، ئەم ڕەهەندانە بە شێوەیەکی بەرچاو بە ئاستەنگییە سیستەماتیکەکان ڕووبەڕوون. لە لایەک، کاری گرووپی بەهۆی قەبارەی گەورەی پۆلەکان، کەمی کات و ژێرخانی گونجاو، و لاوازی میکانیزمەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن سنوردار دەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداری نایەکسان و کەمبونی کاریگەری فێربون. لە لایەکی ترەوە، خودفێربون زیاتر بەندە بە فاکتەرە تاکەکەسییەکان (وەک توانای زانستی، بەرپرسیارێتی، و پاڵپشتی خێزان) و فاکتەرە دەرەکییەکان (وەک دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و تەکنەلۆژیا)، کە دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازی فێربون لەنێوان خوێندکاراندا.

هەروەها، ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کلتوری پەروەردەیی نەریتی و ڕوانگەی ماموستا-سەنتەری لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژ بە پەیوەندییەکانی بۆڵۆنیا دەوەستێت، بە تایبەتی لە بابەتی کەمکردنەوەی ڕۆڵی ماموستا و زیادکردنی سەربەخۆیی خوێندکار. هەروەها، ڕێکخستنی کاتی سێمستەر و دابڕانی خوێندنی نێوان قۆناغەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر بەردەوامی فێربون و تەواوکردنی پڕۆژەکان هەیە.

لە کۆتاییدا، دەتوانرێت بڵێین کە هەرچەندە کاری گرووپی و خودفێربون وەک بنەمایەکی سەرەکیی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە تێوریدا سەرکەوتون، بەڵام سەرکەوتنیان لە پراکتیکدا بەندە بە چاکسازیی سیستەماتیک لە ئاستی ژێرخان، ڕاهێنانی ماموستایان، بەڕێوەبردنی پۆل، و گونجاندنی کلتوری پەروەردەییەتی ناوچەیی، بۆ دابینکردنی فێربونێکی هاوسەنگ و بەردەوام.

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گرووپی و کارامەیی خودفێربون بەپێی گۆڕاوە دیموگرافییەکانی " ڕەگەز، پسپۆری)

1- گۆڕاوی ڕەگەز:

بە مەبەستی زانینی ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گرووپی و کارامەیی خودفێربون گۆڕاوی ڕەگەز تویژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرتوە، کە تێدا ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر و مێ پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی(9) دەردەکەوێت: لە هەردو ڕەهەندەکەدا (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (478)، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین. جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گرووپی و کارامەیی خودفێربون نییە. بە واتایەکیتر ئاڕاستە و تێروانینی خوێندکاران جیاوازی نییە و هەمان بۆچونیان بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گرووپی و کارامەیی خودفێربون.

خشتەی (9) ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گرووپی و کارامەیی خودفێربون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

پێوەری توێژینەوەکە	گۆڕاو	N	Mean	Std. Deviation	p-value	بەهای (t) Test	بەهای (t) Table	ئەنجام
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گرووپی	نێر	196	3.66	0.65	0.368	0.900	1.96	بەڵگەدار نییە
	مێ	284	3.59	0.68				
ڕۆڵی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون	نێر	196	3.18	0.90	0.443	0.768	1.96	بەڵگەدار نییە
	مێ	284	3.22	0.88				
N= 480 DF= 478								

ئەم ئەنجامە ئەوە ڕوندەکاتەوە پێواژۆی بۆلونیا وەک سیستەمێکی گشتگیر و هاوسەنگ کاردەکات، کە توانای پشتیوانی لە پەرەپێدانی کاری گرووپی و کارامەیی خودفێربون بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەردو ڕەگەز (نێر و مێ) دابین دەکات. ئەمەش پشتڕاستکەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆڵی ماموستایانی و پێکهاتەی سیستەمی فێرکاری بە شێوازێکی یەکگرتو و بەهێز جێبەجێ

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دەکرێن، لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە، ئەم یەکسانییە لە کاریگەریی پێواژۆی بۆلونیا لە نێوان ڕەگەزەکاندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم سیستەمە توانای دروستکردنی کەشێکی فێرکاریی دادپەروەرانە و بەرچاوگرتنی جیاوازییە تاکەکەسییەکان لە ڕێگەی پێکهاتەی خۆڕێکخستن و فێرکاریی هاوبەشەوە هەیە. ئەم تایبەتمەندییە، پێواژۆی بۆلونیا وەک بنەمایەکی پتەو بۆ دروستکردنی توانا کانی سەدەی بیست و یەکدا لەناو خوێندکاراندا پێناسە دەکات، بەتایبەت لە بوارەکانی هاوکاری، بەرپرسیارێتیی هاوبەش، و فێربونی خۆسەربەخۆ کە لە پرۆسەی فێرکاری هاوچەرخدا پێویستییەکی بنەڕەتین.

2- گۆڕاوی پسپۆری (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانستە پەتی و سروشتییەکان)

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرتوە، کە تێدا ناوەندی ژمێرەی هەردو پسپۆریەتەکە پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی(10) دەردەکەوێت:

- لە ڕەهەندی ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی: (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (478)، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین. جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ئاڕاستەی ئەو خوێکارانەی سەر بە پسپۆری زانستە (مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان) و زانستە (سروشتی و پەتییەکان) نییە بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی. واتا گۆڕاوی پسپۆری نەبۆتە هۆی جیاوازی ئاڕاستەی خوێندکاران.

لە ڕەهەندی ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون: دەرکەوتوە جیاوازی بەڵگەدرای لە نیوان ئەم دو پسپۆریەدا هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون، چونکە (P-Value<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (478). ئەم جیاوازیەش لە بەرژەوەندی ئەو خوێندکارانەیە کە پسپۆریەکەیان زانستە (مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان)ە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ئەم پسپۆریە گەورەترە لە پسپۆری زانستە (سروشتی و پەتییەکان). ئەمەش واتای ئەوەیە ئەو خوێندکارانەی پسپۆری زانستە (مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان)ە، زیاتر ئاڕاستەیان ئەرێنی و بەرزترە بەبەراورد بەو خوێندکارانەی پسپۆری زانستە (سروشتی و پەتییەکان) بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کارامەیی خودفێربون.

خشتەی (10) ئاڕاستەی خوێندکاران بەرانبەر بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون بەپێی گۆڕاوی پسپۆری

پێوەری توێژینەوەکە	گۆڕاو	N	Mean	Std. Deviation	p-value	بەهای (t) Test	بەهای (t) Table	ئەنجام
ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی	ز. سروشتی و پەتییەکان	253	3.52	0.65	0.573	0.564	1.96	بەڵگەدار نییە
	ز. مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان	227	3.62	0.68				
ڕۆڵی پێواژۆی بۆلۆنیا لە پەرەپێدانی خودفێربون	ز. سروشتی و پەتییەکان	253	2.98	0.82	0.036	2.10	1.96	بەڵگەدارە
	ز. مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان	227	3.42	0.95				
N= 480 DF= 478								

ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتە ڕو، پێواژۆی بۆلونیا لە ئاستی گشتییدا وەک سیستەمێکی گشتگیر و یەکسان بۆ پەرەپێدانی کاری گروپی و خودفێربون کاردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرزکردنەوەی خودفێربونی خۆکار لە ناو خوێندکارانی پسپۆرییەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا بەڕادەیەکی بەرچاوتر دیارە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە گۆڕاوی پسپۆری کاریگەرییەکی واتادار و ڕێژەیی لەسەر بوارەی خودفێربوندا هەیە. هەروەها ئەم ئەنجامانە پشتگیری لەو بیردۆزە دەکەن کە پێواژۆی بۆلونیا نەک تەنها وەک

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

چوارچێوەیەکی کارا بۆ پەرەپێدانی فێربونی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی کاردەکات، بەڵکو لە ڕێگەی خۆڕێکخستن و فێربونی هاوبەشەوە توانای دروستکردنی کەشێکی فێرکاریی جیاواز و گونجاو بەپێی سروشتی بواره زانستییەکانیش هەیە. ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ دیزاینکردنی سیاسەتە فێرکارییەکان و پتەوکردنی ڕۆڵی ماموستایان لە ڕێنوێنیکردنی پرۆسەی فێربوندا، بە شێوەیەک کە تواناکانی خوێندکاران لە هەمو ڕەگەز و پسپۆرییەکاندا بە شێوەیەکی یەکسان و لە هەمان کاتدا پەیوەست بە چوارچێوەی زانستیی خۆیان پەرە پێبدات. ئەنجامی ئەم ئامانجەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (شوکری، ئەوانیتر 2023) دەریخستوە کە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا، لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە، باش و بەرزە. جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕوی ئاماریییەوە لە بۆچونی خوێندکاران سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا دۆزرایەوە لەسەر بنەمای پسپۆڕی ئەکادیمی، کە لە بەرژەوەندی زانستە مرۆڤایەتییەکان بو. بەڵام لە ڕوی ئاماریییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو بە پشتبەستن بە ڕەگەز یان ساڵی خوێندن نەدۆزراوەتەوە.

ئامانجی چوارەم: خستنەڕوی گرنگترین ڕێگە چارەسەریەکانی بەردەم ئاستەنگ و ڕێگریەکانی بەردەم پێواژۆی بۆلۆنیا لە ڕوانگەی ماموستایانەوە:

بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران بەشێوەیەکی کراوە، گرنگترین ئەو پێشنیارانەی ماموستایان خستویانەڕو، وەک چارەسەرێک لەبەردەم ئاستەنگ و ڕێگرییەکانی بەردەم پێواژۆی بۆلۆنیا لە خشتە(11) خراوەتەڕو: بەجۆرێک ئەو پێشنیارانەی لەیەکەوە نزیکبون کۆکراوەتەوە و خراوەتەڕو:

خشتەی (11) خستنە ڕوی گرنگترین ڕێگە چارەسەریەکانی بەردەم ئاستەنگ و ڕێگریەکانی بەردەم پێواژۆی بۆلۆنیا لە ڕوانگەی ماموستایانەوە ڕوندەکاتەوە

کۆدی ماموستا	پێشنیارەکانی چارەسەر
M-4, FM-3	دیاری کردنی ژمارەی ماموستا بە خوێندکاران بۆ چاودێری کاریگەر، ڕێکخستنی کاتی پڕۆژەکان و پشوەکان بە شێوەی ڕون.
M-6, M-2, FM-1	ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی کارکردنی گروپی، ڕێنمایی خوێندکارانی بەهێز بۆ لاوازتر، پلانی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ ماموستایان، باشکردنی ژێرخانی زانکۆ (کتێبخانە و ئینتەرنێت) بۆ کاری گروپی.
M-3, FM-2	دابینکردنی کورسی تایبەتی "فێربونی فێربون" و "چۆنیەتی کارکردنی گروپی" بۆ ساڵی یەکەم، کورتکردنەوەی پشوەکانی سێمستەری بەهارە، دابینکردنی گروپی بچوک بۆ چاودێری کاریگەر، ڕێگای چاودێریکردنی بەشداربونی تاکەکەسی لە گروپ
M-5	زیادکردنی کاتی وانەکان و کەمکردنەوەی پشوەکان، دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ کاری گروپی، پلانی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ ماموستایان.
FM-4	پاڵپشتی کارگێڕی و تەکنیکی زیاد بۆ ماموستایان، ڕێکخستنی پاڵپشتی خوێندکارانی دەرەوەی شار لە ڕوی تەکنەلۆژیا و سەرچاوە.
M-1, M-5, FM-6	پلانی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ ماموستایان بۆ ئاشناکردنی ڕێکەوتە نوێکان، زیادکردنی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی، ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر دۆزینەوە و هەڵسەنگاندنی سەرچاوە..

6.دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

- دەرئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە خوێندکاران ئاڕاستە و بۆچونێکی یەکسان و بەرزیان سەبارەت بە ڕۆڵی پێواژۆی بۆلونیا لە پەرەپێدانی کاری گروپی و کارامەیی خودفێربون هەیە، کە بوارەی کاری گروپی بەرزترین کارامەیی و هاوبەشیەتی هەڵدەگرێت، واتە پێواژۆی بۆلونیا توانای بەرز دروستکردنی ژینگەی هاوبەشی فێربون پێشکەش دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرزکردنەوەی خودفێربونی خۆکار لە ناو خوێندکارانی پسپۆڕییەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا بەڕادەیەکی بەرچاوتر دیارە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە گۆڕاوی پسپۆڕی کاریگەرییەکی واتادار و ڕێژەیی لەسەر بوارەی خودفێربوندا هەیە.
- تێروانینی ماموستایان پیشان دەدات کە پێواژۆی بۆلونیا لە تیۆریدا وەک ڕێبازێکی پێشکەوتوی پەروەردەیی تایبەتمەندی بەرز هەیە، بە تایبەتی لە گۆڕینی ڕۆڵی ماموستا بۆ ڕێنیشاندەر و چالاککردنی خوێندکار بۆ بەرهەمهێنانی زانست، کە دەتوانێت دابینکاری فێربونی کۆمەڵایەتی و هاوبەشی پەیوەندیدار بکات.

- ئەنجامەکان ئەوە نیشـــان دەدەن، کە مامۆســـتایان ســـەرکەوتنی جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا دەبەســـتنەوە به فاکتەرە بنەڕەتییەکان وەک ڕاهێنانی مامۆستایان، پاڵپشـتی خێزان، قەبارەی پۆل، و دەسـتڕاگەیشـتن بە تەکنەلۆژیا، کە چارەسـەرکردنی سیستەماتیکی ئەم فاکتەرە هەڵسەنگاندنی فێربون و بەردەوامی کارامەیی خوێندکاران بەشداری دەکات.
- ڕێکخسـتنی سـێمسـتەرەکان، بەڕەچاوکردنی پڕۆژە گروپی و تاکی، و بەکاربردنی پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکان، هاوسـەنگی و یەکسـانی پشـتیوانی دەکات لە نێوان ڕەگەز و پسـپۆری خوێندکاران، کە واتای ئەوەیە کە سـیسـتەم توانای پەرەپێدانی فێربونی هاوبەش و خودفێربون بە شێوەیەکی یەکسان هەیە.
- بە گشـــتی، پێواژۆی بۆلونیا لە تیۆریدا وەک بنەمای فێربونی کۆمەڵایەتی و خودفێربون هەماهەنگ و ســـەرکەوتوە، بەڵام لە پراکتیکدا سـەرکەوتن بەندە بە چاکسـازیی سـیسـتەماتیک و ڕاهێنانی مامۆسـتایان، بەڕێوەبردنی پۆلەکان، و گونجاندنی کلتوری پەروەردەیی ناوچەییە، کە ئەمە پشتڕاست دەکات بۆ گەیشتن بە فێربونی بەردەوام، یەکسان و فراوان لە نێوان خوێندکاران.

7.ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

- پێویســـتە ســـیســـتەمیەکی تەواوی ڕاهێنانی بەردەوام (Continuous Professional Development) بۆ مامۆســـتایان دامەزرێندرێت، کە تەنها لەســـەر بەکارهێنانی پێواژۆی بۆلۆنیا نەبێت، بەڵکو لەســـەر میتۆدە مۆدێرنەکانی فێربونی هاوبەش (Collaborative Learning)و خودفێربون(Self-directed Learning) یش بنیاتنرابێت.
- گرنگە ڕێکخستنی قەبارەی پۆلەکان و دیاریکردنی ڕێژەی مامۆستا-خوێندکار بە شێوەیەکی زانستی بکرێت، چونکە ئەم فاکتەرە بنەڕەتییە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کارامەیی چاودێری و بەرهەمهێنانی فێربونی گروپی هەیە.
- پێویسـتە ژێرخانی دیجیتاڵی و ئەکادیمی (کتێبخانە، داتابەیسی- زانسـتی، ئینتەرنێتی خێرا) بە شـێوەیەکی سـیسـتەماتیک پەرە پێبدرێت، بۆ پشتگیری فێربونی سەربەخۆ و گەیشتن بە سەرچاوەی زانستی مۆدێرن.
- دابینکردنی کورسی بنەڕەتی بۆ خوێندکارانی سانی یەکەم لەسەر "فێربونی فێربون" و "کارکردنی گروپی" پێویستە، بۆ دروستکردنی بنەمایەکی میتۆدۆلۆجی بۆ بەشداری کارا لە پڕۆسەی بۆلۆنیا.
- پێویسـتە سـیسـتەمی هەڵسـەنگاندن بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی جەخت لەسـەر پڕۆژە، کارە گروپییەکان و بەشـداریی چالاک بکات، نەک تەنها تاقیکردنەوەی کۆتایی، بۆ ئەوەی فێربون لە چوارچێوەیەکی پراکتیکی و بەرهەمهێنەرانەدا بەرز بکرێتەوە.
- گرنگە هەماهەنگی لە نێوان ســـیســـتەمی پەروەردەیی و کلتوری خوێندکاران دروســـت بکرێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەکاندا کە فێربونی کۆمەڵایەتی و خودفێربون هێشتا بە تەواوی جێگیر نەبوە.
- پێویسـتە هۆبەی خوێندنی باڵا سـەکۆیەکی ئەلیکترۆنی پێشـکەوتو پەرەپێبدات بۆ بەدواداچون و تۆمارکردنی یەکەکانی خوێندن (ECTS) و گواســـتنەوەیان. ئەمەش پرۆســـەی نمرەدان و گواســـتنەوەی قوتابیان لەنێوان زانکۆ ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا ئاسانتر و شەفافتر دەکات.
- پەرەپێدانی ســـتافی کارگێڕی و ئەکادیمی لەڕێگەی خولی ڕاهێنانی بەردەوام، بە داڕشـــتنی بەرنامەیەکی ڕاهێنانی خولی بۆ ســـتافی هۆبەی خوێندنی باڵا و سەرۆک بەشەکان دەربارەی چەمکە نوێیەکانی بۆلۆنیا.

8. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

- ئەنجامدانی توێژینەوەی درێژخایەن (Longitudinal Studies) گرنگە بۆ هەڵسـەنگاندنی کاریگەریی درێژخایەنەکانی پێواژۆی بۆلۆنیا لەسەر گەشەپێدانی تواناکانی خوێندکاران.
- پێویســـتە توێژینەوەکان زیاتر ســـەرنج بدەن بە فاکتەرە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە قبوڵکردن و سەرکەوتنی پێواژۆی بۆلۆنیا.
- پێشـــنیار دەکرێت لێکۆڵینەوەی بەراوردی (Comparative Studies) لە نێوان زانکۆکانی ناوخۆ و دەرەوەدا بکرێت، بۆ دیاریکردنی باشترین پراکتیکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ ژینگەی ناوچەیی.
- گرنگە توێژینەوەی داهاتو گرنگی زیاتر بدات بە هەڵســـەنگاندنی کاریگەری تەکنەلۆژیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکان لەســـەر بەرزکردنەوەی فێربونی هاوبەش و خودفێربون.
- پێداچونەوە و نوێکردنەوەی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا لەڕێگەی لێژنە باڵاکانی وەزارەت و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر شێوازی فێربونی خوێندکار-سەنتەری (Student-Centered Learning).

9. لیستی سەرچاوەکان:

Granger, J.P. (2020). “Credit System in European Education, Dublin” European University Association Press.

ibrahim, s. a., et al. (2025). "Evaluation of the Bologna Process in Sulaimani University from the perspective of students." Sulaimani Journal for Humanities **1**(1): 467-485.

Khdir, M. R., et al. (2025). "Communication Skills and Mental Health among University Students." Koya University Zanco Journal of Human Sciences **29**(6): 1-19.

Khdir, P. A., et al. (2025). "Social Trust and Self-Confidence Among University Students." KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES **8**(1): 379-392.

Leuven ,L. (2009). "The Bologna Process." The European Higher Education Area in the new decade.

Mahmood, D. O. and J. I. Bakr (2023). "Family Educational Style and its Relationship to Aggressive Behavior among High School Students) It is a Field Research in Ranya." Zanco Journal of Human Sciences **27**(1): 64-89.

Miller, s. (2018). "New Education Systems in the 21st Century, New York." Columbia University Press. .

paul, G. (2019). "15 Advantages of Teamwork in the workplace." 16-7-2019, Retrieved 14-10-2019 ,Edited.

Pechar, h. (2007). "The Bologna Process- A European Response to Global Competition in Higher Education." Canadian Journal of Higher Education **37**(3): 109-125.

Shoukry, B., et al. (2023). "The reality of applying Bologna process in education from the students of Zakho University viewpoint." Humanities Journal of University of Zakho **11**(2): 312-323.

Yahya, s. (2018). "The Bologna Process- A Gide to Iraqi Implementation " European Higher Education Area.

ابوجربوع، ى. (2014). "واقع بناء فرق العمل ودورها في تنمية الإبداع الإداري من وجهة نظر العاملين في وزارة الاقتصاد الوطني " رسالة ماجستير جامعة الاقصى، غزة، فلسطين.

ابوعمة، ع. (2010). "النظام الاوربي في التعليم العالي و مشروع بولونيا." مركز البحوث والدراسات في التعليم العالي.

ابونيان، ا. (2006). "الاستشارة والعمل الجماعي المفاهيم و الخصائص و المعوقات." المملكة العربية السعودية، ورقة عمل المؤتمر العربى التاسع، القاهره-مصر.

ابوهاشم، ا. (2010). "النموذج البنائي للعلاقة بين السعادة والعوامل الخمسة الكبرى للشخصية وتقدير الذات والمساندة الاجتماعية لدى طلاب الجامعة، " مجلة كلية التربية 20(81): 268-350.

اسحاق، ا. (2012). "دور ابعاد المناخ التنظيمي في تعزيز الإبداع الإداري في المنظمات الصناعية." مجلة تكريت للعلوم الإدارية 8(26).

الحيلة، م. (2003). "طرائق التدريس واستراتيجياته، دار الكتب الجامعي." العين-الإمارات العربيه المتحدة.

الخطيب، م. (2018). "إصلاح التعليم العالي في ضوء عملية بولونيا." دار الفكر العربي.

المشهداني، م. (2012). "التعلم الذاتى ما له وما عليه." مجلة كلية الاداب بجامعة بغداد 99: 631-664.

المطيرى، ع. (2017). "التعلم الذاتي وعلاقته بالتنمية المهنية لمعلمي التربية الإسلامية." مجلة القراءاة والمعرفة 186: 105-132.

حمدى، ن. (2017). "اثر استخدام تطبيق الواتساب المتاح على الهواتف الذكية في تنمية مهارات التعلم الذاتي لطلبة اللغة العربية الناطقين بغيرها." المجلة التربوية الأردنية 2(2).

طعمة، م. (2022). "اثر المنصات التعليمية في التعلم الذاتي من وجهة نظر طلبة الجامعات الاردنية." مجلة العلوم التربوية و النفسية، 6(32).

غباين، ع. (2001). "التعلم الذاتي بالحقائب التعليمية." دار المسيرة للنشر و التوضيع و الطباعة، عمان-الأردن. .

محامدة، ن. (2005). "التعليم المستمر و التثقيف الذاتي." دار الصفا للنشر والتوزيع، عمان-الأردن.